
# ماگۆزڤە



Lesley Koyi
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 5

barneboker.no



لە شاری پڕ حەشیمەتی نایروبی، دوور لە باوەشی گەرمی خێزان، دەستەیەك لە کوڕانی بێ ماڵ و حاڵ لەسەر شەقامەکان ڕۆژیان تێپەڕ دەکرد. ئەوان ڕۆژانە بە بێ هیچ ئامانجێك ژیانیان دەگوزەراند. ئەم کوڕانە لەسەر شەقامەکان دەخەوتن. بەیانیان، کاتێك لە خەو هەڵدەستان، ڕاخەرەکانیان کۆ دەکردەوە. بۆ ئەوەی لە سەرمای زستان خۆ بپارێزن، زبڵەکانیان دەسووتاند و ئاگریان دەکردەوە. ماگۆزڤەش یەکێك بوو لەو کوڕانە. ئەو بچووکترین ئەندامی ئەو گرووپە بوو.



کاتێ دایك و باوکی ماگۆزڤە مردن، ئەو تەمەنی تەنیا پێنج ساڵان بوو. ڕۆیشت بۆ ئەوەی لەگەڵ مامی ژیان بەسەر بەرێت، بەڵام مامی ئاگای لە ماگۆزڤە نەدەبوو، و خواردنی پێویستی پێ نەدەدا. ئەو ماگۆزڤەی ناچار دەکرد کە کاری زۆر سەخت ئەنجام بدات.



ئەگەر ماگۆزڤە گلەیی کردبا یان پرسیاری کردبا، ئەوا مامی بە توندی لێی دەدا و پێی دەگوت: "تۆ زۆر لەوە گەمژەتری کە بتوانی شتێك فێر ببیت." دوای سێ ساڵ مانەوە لەو بارودۆخە سەختەدا، لە کۆتاییدا ماگۆزڤە بڕیاری دا ئەو ماڵە بە جێ بهێڵێت و چوو لە سەر شەقامەکان بژیت.





ژیانی سەر شەقامەکان زۆر ناخۆش بوو، زۆربەی کوڕەکان ڕۆژانە خۆیان ماندوو دەکرد هەر بۆ ئەوەی خواردنیان دەست کەوێت.


هەندێ جار دەستبەسەر دەکران یان لێیان دەدرا. کاتێکیش نەخۆش دەکەوتن، کەس نەبوو یارمەتیان بدات. ئەوان تەنیا پارەیەکی کەمیان دەست دەکەوت ئەویش لە ڕێگای سواڵکردن و فرۆشتی پلاستیك و شتی لەو جۆرە بوو. ژیانیان ئەستەمتر دەبوو کاتێك گرووپی دیکەش دەهاتن و دەبوو بە کێبڕکێ و شەڕ لە نێوانیاندا.



ڕۆژێکیان کاتێ ماگۆزقە لە ناو تەنەکە خۆڵەکان دەگەڕا، کتێبێکی چیرۆکی شڕ و دڕاوی دۆزییەوە. ئەو کتێبەکەی خاوێن کردەوە و خستییە ناو کیسەیەکەوە. دوای ئەو ڕۆژە ئەو هەموو جارێ کتێبەکەی لە کیسەکە دەردەهێنا و چاوی لە وێنەکانی ناو کتێبەکە دەکرد. ئەو نەیدەتوانی هیچ بخوێنێتەوە.



وێنەکان، باسیان لە کوڕێك دەکرد کە دەیویست گەورە بێت و ببێ بە فڕۆکەوان. ماگۆزقە هەموو ڕۆژێ ئاواتی دەخواست کە ببێ بە فڕۆکەوان. هەندێ جار خەیاڵی ئەوەی دەکردەوە. کە ئەو منداڵەی ناو چیرۆکەکە خۆیەتی.



هەوا سارد بوو و ماگۆزڤە لە قەراغ شەقامەکە وەستا بوو. پیاوێك بەرەو لای چوو. پیاوەکە گوتی: "سڵاو! من ناوم تۆماسە. من لە شوێنێك لەم نزیکانە کار دەکەم. تۆ دەتوانی لەوێ خۆراکت دەست کەوێت." ئەو ئاماژەی بە خانوویەکی زەرد کرد کە سەربانەکەی شین بوو. دواتر لە ماگۆزڤەی پرسی: "دڵنیا بم لەوەی کە دەچیتە ئەو شوێنە بۆ ئەوەی هەندێ خۆراکت دەستکەوێ؟" ماگۆزڤە گوتی: "لەوانەیە"، و دواتر ڕۆیشت.



بە درێژایی ئەو چەند مانگانەی رابردوو، کوڕە بێ ماڵ و حاڵەکان زۆر جار تۆماسیان دەبینی. ئەو هەمیشە پێی خۆش بوو لەگەڵ خەڵك قسە بکات، بە تایبەت ئەو خەڵکانەی کە لەسەر شەقامەکان دەژیان. تۆماس گوێی بۆ سەربوردەی خەڵك ڕادەگرت. ئەو زۆر کەسێکی جیددی و پشوودرێژ بوو. هەرگیز کەسێکی خراپ و بێ ڕێز نەبوو. هەندێك لە کوڕەکان بۆ نانی نیوەڕۆ چوون بۆ خانووە زەردەکە.



ماگۆزڤە لە لێواری پیادەڕۆیەکە دانیشتبوو و چاوی لە وێنەکانی ناو کتێبەکەی دەکرد. کاتێك تۆماس هات و لە لای دانیشت، لێی پرسی: “چیرۆکەکە لە بارەی چییە؟” ماگۆزڤە وەڵامی دایەوە: “چیرۆکەکە لە بارەی کوڕێکە کە دەبێتە فڕۆکەوان.” تۆماس لێی پرسی: “کوڕەکە ناوی چییە؟” ماگۆزڤە وەڵامی دایەوە: “نازانم، من ناتوانم بخوێنمەوە.”



کاتێ چاویان بەیەك کەوت، ماگۆزڤە چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ تۆماس گێڕایەوە. باسی لەوە کرد کە مامی چەندە لەگەڵی خراپ بووە و لەبەر چی لە دەستی ئەو ڕای کردووە. تۆماس زۆر قسەی نەکرد و بە ماگۆزڤەشی نەدەگوت کە چی بکات، بەڵام هەمیشە بە وردی گوێی بۆ ڕادەگرت. هەندێك جار ئەو کاتانەی لەناو خانووە سەقف شینەکە بوون، لە کاتی نانخواردن پێکەوە قسەیان دەکرد.



له ساڵرۆژی لەدایکبوونی ماگۆزڤەدا کە تەمەنی دەبووە دە ساڵ، تۆماس کتێبێکی چیرۆکی منداڵانی نوێی پێ دا. چیرۆکەکە لەبارەی کوڕێکی لادێی بوو کە دیویست گەورە بێ بۆ ئەوەی ببێتە یاریزانێکی بەنێوبانگی تۆپی پێ. تۆماس چەندین جار ئەو چیرۆکەی بۆ ماگۆزڤە خوێندەوە، تا ئەوەی کە ڕۆژێك پێی گوت: “پێم وابێ ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە بچیت بۆ قوتابخانە و خوێندن و نووسین فێر بیت. تۆ پێت چۆنە؟” دواتر تۆماس گوتی من شوینێك پێ دەزانم کە منداڵان دەتوانن لەوێدا بژین و بچن بۆ قوتابخانەش.



ماگۆزڤە بیری لەو شوینە نوێیە و لە قوتابخانە دەکردەوە. بەڵام ئەگەر مامی ڕاستی گوتبا چی؟ کاتێ ئەو دەیگوت ئەو زۆر لەوە گەمژەترە کە شتێك فێر ببێت! ئەی ئەگەر لەو شوێنە نوێیە لێی بدەن چی؟، ئەو ترسابوو. هەر لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە و دەیگوت:

“لەوانەیە باشتر بێت هەر لە سەر شەقامەکان بژیم.”



ڕۆژێك هەموو ترسەکانی خۆی بۆ تۆماس باس کرد. بە پێی تێپەڕینی کات تۆماس باوەڕی پێ هێنا کە ژیان لە شوینە نوێیەکە زۆر باشترە.



لە دوای ئەوە، ماگۆزقە باری کرد بۆ ناو ژوورێکی نوێ لە خانوویەك کە سەربانەکەی سەوز بوو. ئەو لەگەڵ دوو کوڕی دیکەدا لە ژوورێك دەژیان. بە هەمووی دە مناڵ بوون کە لەگەڵ پوورە سیزی و مێردەکەی، سێ سەگ و پشیلەیەك و بزنێکی پیر لە خانووە سەربان سەوزەکەدا دەژیان.



ماگۆزقە دەستی کرد بە خوێندن. وانە خوێندن زەحمەت بوو. ئەو دەبوایە فێری زۆر شت بووبایە. هەندێك جار دەیهەویست وازی لێ بێنێ. بەڵام ئەو هەمیشە بیری لە فرۆکەوانەکە و یاریزانەکە دەکردەوە کە لە کتێبی چیرۆکەکەدا خوێندبوونییەوە. ئەوانی خۆش دەویست، بۆیە بەردەوام بوو.



ماگۆزڤه له حەوشەی خانووه سەربان سەوزەکەدا دانیشتبوو و
چیرۆکیکی منالانی دەخوێندەوە، کە لە قوتابخانە پێیان دابوو.
تۆماس هات و لە لای دانیشت. تۆماس لێی پرسی: "بابەتی
چیرۆکەکە چییە؟" ماگۆزڤە لە وەڵامدا گوتی: "لەبارەی کوڕێکە کە
دەبێتە مامۆستا." تۆماس لێی پرسی: "ئەو کوڕە ناوی چییە؟
ماگۆزڤە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئەو کوڕە ناوی ماگۆزڤەیە."

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## ماگۆزڤە

Skrevet av: Lesley Koyi
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.